
# گەر پیریش بم. . ! سەرهەنگ حەمە سالْح





ئەو دەمەی
كە لێك دابڕاین
لە بیرتە. . پایز
كراسێكی زەردی لەبەر بوو. .
باڵندەكان بارگەی كۆچیان
تێك دەنا. .
من بۆ چۆلەكەیەك دەگریام
كە هێلانەی لە نیو دلْم
چێ كردبوو. .
تۆش لە نێو گەلا وەریوەكان
ئەشكی جوداییت. . هەلْدەڕشت
بارگەیەكی نامۆت. . تێك نا
سەرت هەلْگرت. .
سالْ هات و ڕۆیشت
باڵندەكان گەڕانەوە. .
گەلا بەرگی سەوزی پۆشی
هۆ گولْە خان. .
هەر نەهاتی لەم عەشقە وێلْەم
بپرسی. . . ئێستا لە كوێی؟
چاوەڕوانم تا ئەو ساتەی
گەر پیریش بم. . تا بمێنم
بە تەزبیحەكەی دەستم
دەستەو گۆچان. . .
چەندەها پایز دەژمێرم
تادێیتەوە. . . !

Xamosh_s@hotmail. com